## ڕێبین هەردی بۆ یەکگرتوو:

# یەکگرتوو پێشەنگی تێکشکاندنی عەقڵیەتی تاک لیستی بوو



ژیار عومەر
یەکگرتوو/ سلێمانی

**یەکگرتوو: کاری پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**ڕێبین هەردی:** سەبارەت بە پەرلەمانی عێراق، یەکگرتوو هێزێکی پێشەنگ بوو بۆئەوەی عەقڵیەتی یەک لیستی لە بەغدا تێکبشکێنێت، بێ ئەوەی ڕۆحی هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتن لەسەر مەسەلە نیشتمانییەکان بدۆڕێنێت. ئەوان لە کاتێکدا بە لیستی جیاواز بەشدارییان لە هەڵبژاردنی عێراقدا کرد و بەم هەڵبژاردنەش ریسکی گەورەیان بە ژیانی کادر و لایەنگرانی خۆیان کرد و بگرە شەهیدیشیان لەو پێناوەدا دا، ئەوەیان سەلماند دەتوانین بە جیاواز بەشداری هەڵبژاردن بکەین، بەڵام لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا یەکبگرینەوە. هەڵوێستی کاندیدەکانی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق چەندان دەرئەنجامی پۆزەتیڤ و گرنگی هەبووە:

١ - ترسی لە فرەلیستی ڕەواندەوە.

٢ - بونی هاوپەیمانێتی لە دەرەوەی یەک لیستی سەلماند.

٣ - ئەو پڕوپاگەندانەی پووچەڵ کردەوە کە تەوژمی ئیسلامی وەک هێزێکی دوژمن و بێگانە تەماشا ئەکات، کە دەستی بێگانەی لەپشتەوەیە.

**یەکگرتوو: کامیان لە بەرژەوەندی گەلدایە؟ بە یەک لیستی جیای سەربەخۆ دابەزێت، یاخود لەگەڵ لایەنەکانی تردا؟**

**ڕێبین هەردی:** یەکگرتوو باشی کرد کە بە لیستی جیاواز دابەزی.

یەک لیستی تەنها کاتێک دەتوانرێت ئەنجامبدرێت، کە لێکتێگەیشتنێکی تەواو لەنێوان هێزەکاندا هەبێت، نەک هەر لە ئاستی دروشم و ئامانجەکاندا، بەڵکو لە ئاستی شێوازی بەڕێوەبردن و ئەو کاندیدانەی هەڵدەبژێرێن و ئەو سیاسەتەی بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکان دەیگرنە بەر. وەلحاڵ.. لە هەموو ئەم شتانەدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هێزەکاندا هەیە. هەر هێزە و بە ئەجێندای خۆی و کاندیدەکانی خۆی و سیاسەتە تایبەتیەکانی خۆیەوە دێتە هەڵبژاردنەوە. لە هەمان کاتدا هەندێک جار هێزەکان توانا و جەماوەرییبوونی خۆیان زۆر زیاتر لە قەبارەی راستەقینەی خۆیان دەبینن، لەبەر ئەوە ئەستەمە بتوانن بەیەکەوە ڕێکبکەون و لیستێکی هاوبەش پێکبهێنن.

بوونی فرە لیستی زیان بە کورد ناگەیەنێت، ئەو دەنگانەی بۆ هەر هێزێکی کوردی ئەڕوات دواجار لە پەرلەمانی عێراقیدا و بۆ داکۆکیکردن لە مافە یاسایی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان یەک ئەگرێتەوە. لە هەڵبژاردنی پێشوودا یەکگرتوو و کۆمەڵ بە لیستی جیاواز دابەزین و ئەو کورسیانەش کە هێنایان، وەک کورسی هەرێمی کوردستان ئەژمار ئەکرا. هەر ئێستا کە کێشەی کەرکوک و هەڵبژاردن لەناو پەرلەمانی عێراقدا گەرمە، هەڵوێستی یەکگرتوو بە تەبا لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا دێتەوە. هەرکاتێک لیستی هاوپەیمانی لە مەسەلەیەکی چارەنووسسازدا هەڵوێستێکی هەبووبێت، لیستی یەکگرتوش لەگەڵیدا هەمان هەڵوێستی وەرگرتووە.

لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە فرەلیست لە یەک لیستی بۆ بەشداریکردن لە پەرلەمانی عێراقدا باشتر بێت، چونکە هەریەک لەم لیستە جیاوازانە دەتوانن پەیوەندی جیاواز و هەمەلایەنە بە هێزی جیاوازە بکەن و ئەو پەیوەندییەش بە قازانجی مافەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربێنن. بۆ نمونە لیستی یەکگرتوو بەوەدا کە هێزێکی دینییە، دەتوانێت ئاسانتر و باشتر وتووێژ لەگەڵ ئەو هێزە دینییانەی عێراقدا بکات کە ڕەنگە و دەشێت نەیاری داواکانی هەرێمی کوردستان بن، هەروەها هێزەکانی تریش.. فرە لیستی ڕەنگە بە دیوێکدا تۆڕی ئەو پەیوەندیە پۆزەتیڤانە بەهێز بکات کە هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی پشتگیری بۆ مافەکانی پێویستی پێیەتی.

من هەست ئەکەم خاڵی گرنگ لێرەدا بوونی فرەلیستی نییە، بەڵکو خاڵی گرنگ ئەوەیە چۆن هێزەکان لەناوخۆیاندا جۆرێک هاوئاهەنگی دروست ئەکەن، کە تیایدا هەمویان لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا یەکدەنگ بن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن و بە چ شێوەیەک هەوڵ ئەدەن ئەم فرەلیستییە بە قازانجی هەرێمی کوردستان ئەشکێننەوە.

**یەکگرتوو: بۆچی هاوپەیمانی کوردستان (یەکێتی و پارتی) جەخت لەسەر یەک لیستی دەکەنەوە بۆ پەرلەمانی عێراق؟**

**ڕێبین هەردی:** هاوپەیمانی کوردستان ئەو قسەیە لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئەکەن، کە فرەلیستی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان کەم ئەکاتەوە، بەڵام ئەو قسەیە ڕاست نییە کە تەنها کورد لە فرە لیستیدا زەرەر ئەکات، چونکە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە فرەلیستی بەشداری ئەکەن و گەر کورسیەکانیش بەهۆی ئەم فرە لیستییەوە کەم بێتەوە، ئەوا بۆ عەرەبی سوننە و شیعەش هەر کەم ئەبێتەوە. سوننەکان و شیعەکانیش ئێستا بە لیستی جیاواز بەشداری ئەکەن و وەک یەک پێکهاتە ناچنە ناو پەرلەمانەوە. واتە گەر کەمکردنەوەی کورسی بێت، ئەوا بۆ شیعە و سوننەکانیش ڕاستە و لە دواجاردا هەموو وەک یەک دێنەوە.

خاڵێکی دی ئەوەیە تاوە شێوازی هەڵبژاردن لەسەر بناغەی (١٨) بازنەی پارێزگاکانە و نوێنەرانی هەر پارێزگایەکیش ڕێڤەیەکی نەگۆڕە. پارێزگای سلێمانی (١٧) و هەولێر (١٤) و دهۆک (١٢) نوێنەری هەیە. یەک لیست بن یان دە لیست ئەم ڕێژەیە لە جێی خۆیەتی. واتە ئەوە ڕاست نییە کە فرە لیستی ڕێگەمان کەم ئەکاتەوە، ڕێژەکە جێگیرە و ناگۆڕێت.

من نازانم هاوپەیمانی کوردستان بۆ لە ڕاگەیاندندا ئەوەندە جەخت لە یەک لیستی ئەکەنەوە، بەڵام ئەوەی ئەیبینم و هەستی پێ ئەکەم، ئەوەیە هیچ هێزێک هێندەی هاوپەیمانی کوردستان بە کار و کردەوەکانیان کاریان بۆ ئەوە نەکردووە لە ئەرزی واقیعدا یەک لیستی مومکین نەبێت. ئەم هاوپەیمانێتییە تا ئێستاش خۆی بە دەمڕاستی کوردستان ئەزانێت و هەر دەنگێکیش لە دەرەوەی خۆی بە دوژمن و ناحەز تەماشا ئەکات. دژایەتی و بگرە دوژمنایەتی هەموو هێز و دەنگێکی جیاواز لەخۆی ئەکات. تەسەوریشی بۆ قەبارە و هێزی خۆی گەورەترە لەخۆی. لەبەرئەوە سەقفی داواکانی بۆ دروستکردنی یەک لیستی ئەوەندە بەرزە، کە ئەو هێزانەی تر قەناعەت پێناکات، کە دەچنە وتووێژەوە لەگەڵی، ڕاستت بوێت، گومانێکی زۆرم هەیە ئەم هاوپەیمانێتییە یەک لیستی کوردستانی بوێت. ئەوەی ئەیانەوێت یەک لیستی نییە، بەڵکو ڕێکەوتنێکە کە هێزەکانی دی تیایدا بەڵێ بۆ کاندید و ئەو پۆستانە بدەن کە دەیانەوێت لە بەغدا هەر خۆیان هەیانبێت. بڕوا ناکەم ئەم هاوپەیمانێتییە بتوانێت نە دەستبەردای ئەو پۆستانە بێت کە بەخۆی ڕەوا ئەزانێت و نە ژمارەی ئەو کاندیدانەی بە شایەنی خۆی ئەزانێت. ئەو یەک لیستییەی کە هاوپەیمانێتی ئەیەوێت دروستی بکات، بریتییە لە سەلماندن و ڕازیبوون بە کاندیدە زۆرەکانی خۆی و پۆستە سەرەکیەکانی خۆی. یەک لیستییەک ئەوان بەشی شێر بەرن و ئەوانی تریش تەنها بەشدارییەکی کارتۆنی بکەن، ئەمەش شتێکە زۆرێک لەو هێزانە بۆیان هەرس ناکرێت، کە توانا و ئیمکاناتی خۆیان لەسەروو ئەوەوە دەبینن کە هاوپەیمانێتی کورستان بە شایەنیانی ئەزانێت.

لەناو خودی کوردستانیشدا ئەو تەشەنوج و حەساسیەتەی ئەم هاوپەیمانێتییە لەگەڵ هێزەکانی تردا دروستی کردووە، پارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی بتوانن بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن. هەست ئەکەم هاوپەیمانێتی کوردستان بە ڕەفتار و کردار و سیاسەتەکانی ڕێگری سەرەکییە لەوەی هێزە کوردییەکان هەمویان بە یەک لیست بەشداری بکەن.

**یەکگرتوو: بەشداریکردنی لایەنەکان بە فرەلیستی چەند زیان بە یەک دەنگی و یەک ڕەنگی و سەنگ و قورسایی دەنگی کورد دەگەیەنێت لە پەرلەمانی بەغدا؟**

**ڕێبین هەردی:** پێم وانییە زیان بگەیەنێت و ڕەنگە بەپێچەوانەوە لە دەرئەنجامی کۆتاییدا بە قازانج بگەڕێتەوە، چونکە کاتێک هێزە کوردییەکان بە فرە لیستییەوە دەچنە بەغدا، وتووێژ لەگەڵ لایەنی جیاوازدا ئەکەن و ئەتوانن سنوری پەیوەندییەکانی گەلی کورد بە هێزە جیاوازەکانی عێراقەوە فراوان بکەن. ئەگەر یەکێتی و پارتی جۆرێک هاوپەیمانی ستراتیژییان لەگەڵ هێزە شیعییەکانی عێراقدا دروستکردووە، ئەوا هێزەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی ئەتوانن لەگەڵ لایەنەکانی تردا پردی وتووێژ بکەنەوە و بەرامبەر بە مافە نەتەوەییەکانی کوردستان نەرمیان بکەن. فرەلیستی مناوەرە و ڕوبەری پەیوەندییەکانی کورد بە هێزە جیاوازەکانی عێراقەوە فراوانتر ئەکات و ئەمەش لە دوا دەرئەنجامدا بە قازانجی کورد ئەگەڕێتەوە.

لەلایەکی دیش هیچ هێزێکی کوردی ناتوانێت لە خواست و داوا سەرەکیەکانی گەلی کوردستان وازبێنێت، ئەم داوایانە دروستکراو و تاپۆکراوی دوو حیزبەکە نین، بەڵکو داوای خەڵکی کوردستان و مافەکانێتی و بەسەر حیزبەکاندا سەپێنراون. بەهانەی سەرەکی بوونی حیزبە سیاسییەکان، بوونی ئەم مافانەیە. حیزبەکان دروست بوون بۆئەوەی ئەم مافانە دابین بکەن، نەک بە پێچەوانەوە. لێرەوە خۆم هیچ گومانم نییە هیچ هێزێکی کوردی لە ڕاستەوە بۆ چەپ ناتوانێت دەستبەرداری ئەو مافانە بێت، ئەگینا خۆبەخۆ خەڵکی ئێمە ئەدۆڕێنێت.

**یەکگرتوو: کاری پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا؟**

**ڕێبین هەردی:** ساتەوەختی گەش و ساتەوەختی تاریک لە کارنامەی برادەراندا هەیە. لە هەندێک جاریدا کاری باشیان کردووە و لە هەندێک دۆخی تریشدا بێ ئەندازە کەمتەرخەم بوون.

ڕەنگە گرنگترین ڕەخنە لێیان بگرین، ئەوەیە لە ماوەی چوار ساڵ کارکردنیاندا تۆڕێکی پەیوەندییان لەگەڵ هێزە جیاوازەکانی عێراقدا دروست نەکردووە و ئەم پرسی پەیوەندییەیان بەخشیوە بە حیزبە سیاسییەکان. بە بڕوای من ئەبوو ئەم لیستە تۆڕێکی پەیوەندی بەهێزی شەخسی و سیاسییان لەگەڵ کەسایەتیەکانی عێراقدا دروست بکردایە. دروستکردنی پەیوەندی شەخسی هەمیشە دەوری گرنگ لە سیاسەت و بڕیارداندا هەیە. پێم وایە لەم ئاراستەیەدا برایانی هاوپەیمانی کوردستان کەمتەرخەم بوون و وەک پێویست بەم ئەرکە هەڵنەساون.

ئامادەنەبوونی کاندیدەکانی هاوپەیمانی لە دەزگا ڕاگەیاندنە عێراقی و عەرەبیەکاندا و دروستنەکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەزگایانەدا، بۆتە هۆی ئەوەی دەنگی ئێمە لەناو ڕاگەیاندنی عەرەبیدا ون بێت و بەمەش بڕێکی زۆر لە هەوڵی دروستکردنی لێکتێگەیشتنمان لەگەڵ هێزە عێراقی و عەرەبیەکاندا لەکیس بچێت.

کەم جار ڕوویداوە کارنامەی پەرلەمانی عێراق لەلایەن ئەم لیستەوە بخرێتە ڕوو. نمونەی نێگەتیڤیش نەتوانینی ئەوەیە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بخەنە ناو پەرلەمانی عێراقەوە و هەوڵ بدەن کار بۆ جێبەجێکردنی بدەن. لە هەموو ئەمانەش نێگەتیڤتر ئەوەیە لەبری ئەوەی لەپێش ئەو کەسانەوە بن کە داوای چاودێری و لێپرسینەوە لە کارنامەی وەزارەتەکان بکەن، بە پاڵنەری حیزبی ڕێگەیان لە لێپرسینەوە لە کارنامەی بەرپرسیارە کوردەکان گرت. لە کاتێکدا ئەبوایە لەپێش هەموو کەسێکەوە بوونایە، کە سەختتر پرسیاریان لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی هەر بەرپرسیارێک بکردایە، کە کوردە، چونکە کەموکوڕی هەر بەرپرسیارێکی کورد، دەوری یەکجار نێگەتیڤی بۆ وێنەی کورد لە بەغدا ئەبێت و زیانی کوشەندە لە هەقانیەتی کێشە ڕەواکانمان ئەدات.

هەست ئەکەم هۆکاری سەرەکی هەموو ئەم کەموکوڕیانەش، دووبارە پەیوەندی بەو سیستمە حیزبۆکراتیەوە هەیە، کە وای کردووە قسەکەر و بڕیاردەری سەرەکی حیزب و بەرپرسیارە باڵادەستەکانی بن کە تەنها کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حیزب و کادیرەکانی ئەکەن.

# چەند سەرنجێك لەسەر بەرنامەی کار و دروشمەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن



یەحیا عومەر ڕێشاوی*

هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، دەتوانین بە هەڵمەتی (لافیتە و پۆستەرات)ی ناوزەد بکەین، قەوارەکان و کاندیدەکانی کوردستان ململانێیەکی توند لەسەر داگیرکردنی پانتاییەکی گەورە لە شەقامەکاندا دەکەن و دیزاینی نوێ و ڕەنگی جۆراوجۆر کوچە و کۆڵان و بازاڕەکانی تەنیوە. ئەگەر بڕیاربێت دەنگدەرانی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم دروشم و بەرنامەی کاری لایەنە ڕکابەرانەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە کاریگەرییان لەسەر دروست ببێت و پاشتریش خۆیان یەکلایی بکەنەوە و دەنگ بە لایەن و کاندیدێکی دیاریکراو بدەن، ئەوا هەندێك لەو دروشم و بەرنامانە نیشانەی پرسیارمان لا دروست دەکەن و بە خوێندنەوە و بینینیان لەسەر پۆستەرات و شاشەی (تی ڤی)یەکان لە زانستی و دروستیان دەکەوینە گومانەوە، کە سەرنجی ئەو دروشم و بەرنامانە دەدەیت، ئەم تێبینیانەت لا گەڵاڵە دەبن:

* زۆرینەی ئەو دروشمانە و لەگەڵیشیدا بەرنامە و پرۆپۆزەڵی کارکردنیان پێناچێ بەرەنجامی شیکردنەوەی سیاسیانە و پاش لێکۆڵینەوەی ورد نووسراو بن و کەسانی پسپۆڕ و کارامە لە دارشتنیاندا ڕۆڵیان هەبووبێت، زۆرینەیان دروشمی بریقەدارن و زەحمەتە ئەوانەی دەبنە نوێنەر و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بتوانن ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دروشمانەدا بکەن، یان بتوانن بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن.

* هەڵەی زەقی زۆربەی ئەو دروشمانە ئەوەیە کە لەوە ناچن بەرنامەی کار و نەخشەی ستراتیجی بن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵکو بە نەفەسی کار و پرۆژەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نووسراون و هەندێکیشان گوتاری بانگەشەکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا دەخوێنرێتەوە. لە حاڵێکدا تۆ بڕیارە لە شێوازی هەڵبژاردنی دروشمەکان و بەرنامەی کارتدا باس لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و پاشتر باسە گەرمەکانی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان و، دوای ئەمانەش هەموو ئەو باس و خواسانەی کە پەیوەستن بە نەخشەی سیاسی و ئیداری عێراقی فیدراڵەوە بکەیت.

* بەشێکی زۆری کاندیدەکانی کوردستان بە نەفەسی کوردستانییوون باسی مەسەلەی خزمەتگوزاری و بابەتی وەك لەتبوونی ماڵی کورد و دیاردەی گەندەڵی لە کوردستاندا و باری تەندروستی و قەیرانی کارەبا و ئاو و نیشتەجێبوون و زۆر بابەتی تری لەم شێوە دەکەن، لە حاڵێکدا ئەو بابەتانە کەمتر بە شێوازی کاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەیوەستن و زیاتر بابەتی (خۆماڵین) و پێویستە لە بانگەشەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا قسەیان لەسەر بکرێ و بکرێنە دروشم و بەرنامەی کار.

* جگە لەوەی زۆر جار کاندید و قەوارە سیاسیەکان لەبری دەستەواژەی (ئەنجومەنی نوێنەران) دەستەواژەی (پەرلەمان) بەکاردێنن! کە ئەوەش دیسانەوە هەڵەیەکی ترە و نەدەبوو ئەو لایەن و کاندیدانە تێی بکەون. دیارە لەنێوان (پەرلەمانی کوردستان) و (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا تێکەڵی کراوە و وەك یەك بەکاردەهێنرێن. پەرلەمانی عێراق پێکدێت لە کۆی نێوان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنێکی تر، کە لە شێوەی ئەنجومەنی پیران پێکدێت، هەرچەندە تائێستە ئەو ئەنجومەنە دروست نەبووە و نەچۆتە بواری پراکتیکەوە.

* خاڵێکی تر کە جێگەی سەرنجە و مایەی لەسەروەستانە، فەرامۆشکردنی بەکارهێنانی نووسینە بە زمانی عەرەبی، لە حاڵێکدا ڕێژەیەکی زۆر لە خێزانی عەرەب لە کوردستاندا دەژین، خۆ ئەگەر بوترێ ئەوانە لە شوێنی خۆیان دەنگ دەدەن و پسوولەی ئازوقەی خۆراکیان لێرە نییە، بەڵام هەر دەبوو بەشێك لەو بانگەشەیە ئاراستەی ئەوان بکرێت و، بڕیارە کاکی کاندید لە داهاتوودا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێت و پارێزگاری لە مافی گشت لایەن و نەتەوەیەك بکات و زمانی عەرەبیش زمانی ڕەسمی عێراقە.

* هەروەها گوێنەدان و فەرامۆشکردنی بەکارهێنانی ئاڵای عێراق لای زۆرینەی قەوارە سیاسیەکان لە کاتی بەستنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان و ریکلامکردندا بەشێوەیەکی گشتی، خۆ ناکرێ شەڕ لەسەر کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقێ بکەیت، کە ئاڵایەکی دیار و فەرمی هەیە، لەولاشەوە دژایەتی و بە نامۆ بڕوانرێتە ئەو ئاڵایە. کاندیدێك قایل بووبێ سبەی لەژێر ئەو ئاڵایەدا و لەهۆڵی ئەنجومەنی عێراقدا بەشداری کۆبوونەوەکان بکات و مووچەی مانگانە وەرگرێت و سبەینێش خانەنیشن بکرێت، ئەوا پێویستە بەلایەوە ئاسایی بێت لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیشدا ئەو ئاڵایە بەکاربهێنێت و وێنەی لەپاڵدا بگرێت.

* دیسانەوە ئەوەی کە لەو دروشمانەدا سەرنجمان ڕادەکێشن، ڕستەی درێژ و زۆری وشەکانە، بە جۆرێك بەزەحمەت دەنگدەر دەتوانێت ئەو دروشمانە لە هزریدا بچەسپێن و پاشتریش کاریگەری لەسەر دروست بکەن. دروشمی هەڵمەتی هەڵبژاردن پێویستە کورت و پوخت و پڕمانا بن و لە چەند وشەیەکدا کورت بکرێنەوە، تا بەئاسانی لەبەربکرێن، دروشمەکان زۆربەیان لەیەکدەچن و زۆربەی کاندیدەکان نەیانتوانیوە جۆرێك لە (تایبەتمەندێتی) بۆ خۆیان دروست بکەن، کە بە ئاسانی بناسرێنەوە.

* مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی.

yreshawy@yahoo.com